# کۆڕێك بۆ ئەندامانی رابەری لە خانەی حزب لە لەندەن!

رۆژی شەممە رێکەوتی 2-7-2005، لە خانەی حزب لە لەندەن، کە لەلایەن رێکخراوی بەریتانیای حزبەوە رێکخرابوو، هاورِیٖیان نادیە محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسیو محسن کریم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دوو باسیان پێشکەش کرد بە ناونیشانی ( مەنسوری حیکمەتو مەسەلەی ژنان)و( مەنسوری حیکمەتو مەسەلەی میللی). شایانی ووتنە کە ئەم باسانە لەدرێژەی ناساندنو لێکدانەوەی باسو بۆچوونو داهێنانە فکریو سیاسیەکانی مەنسوری حیکمەتدابوو کە رێکخراوی بەریتانیا بە بۆنەی هەفتەی مەنسوری حیکمەتەوە لە رۆژی 12-6دا رێکی خستبوو، بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنی هاورِێیانو دۆستانی حزب بە بەرهەمە فکرییەکانی ئەو کەسایەتیە مارکسیستە هاوچەرخە، یانەی حزب لەلایەن پرشنگ ئەحمەدە وە بەریوەبرا .





لە باسەکانیاندا( نادیە محمودو محسن کریم) لە دو گۆشەی جیاوە لەسەر بۆچوونو لێکدانەوەکانی مەنسوری حیکمەت لەسەر مەسەلەی ژنان، مافو ئازادیە ئینسانیەکانی ژنان، رەخنەی توندی ئەو لە بیروبۆچوونە دیلیهێنو کۆنەپەرستە بۆرژواییەکان سەبارەت بە ژنان، دینو سونەتە دینیو پیاوسالاریەکان، مافە جیهانداگرەکانی ژنان،.... وە هەروەها دەربارەی ناسیۆنالیزم، میللەت، میللی گەرایی، ستەمی میللی، مەسەلەی میللی و هەڵویستی کۆمۆنیستی کرێکاریو ئینتەرناسیۆنالیستی دەربارەی ستەمی میللیو مەسەلەی میللیو چارەسەری کێشەی کورد لێکدانەوەکانی مەنسوری حیکمەتیان روونکردەوە. دواتریش لەلایەن ئامادەبووانەوە پرسیارو سەرنج خرانە روو کە لەلایەن نادیە محمودو محسن کریمەوە روونکردنەوەی پێویستیان لەسەر درا. کۆڕەکە نزیکەی سەعاتو نیوێکی خایاندو پاشان بەشی دووەمی خانەی حیزب تەرخان کرا بۆ ئاهەنگو مۆسیقاو بۆ ماوەی زیاتر لە 2 سەعات بەردەوام بوو.

شایانی ئاماژەپێکردنە لەپاڵ هاورِێیانو دۆستانی حیزبدا لە لەندەن، ژمارەیەك ئەندامو دۆستی حزب لە دەرەوەی لەندەنەوە هاتبوونو لەخانەی حیزبدا ئامادەبوون.

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق\ رێکخراوی بەریتانیا

2003-7-3

www.wpiraq.net TEL:07734704742